بایدن و ترەمپ گەیشتنە کۆنگرێس بۆ دەستپێکردنی ڕێوڕەسمی دەستبەکاربوونی سەرۆکایەتی

ئەمڕۆ دووشەممە، جۆ بایدن، سەرۆکی ئێستای ئەمریکا و دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا، گەیشتنە کۆنگرێس بۆ دەستپێکردنی مەراسیمی دەستبەکاربوونی سەرۆکایەتیی ئەمریکا.

دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا پێشتر ئەمڕۆ گەیشتە کڵێسای سانت جۆن بۆ یەکەمین چالاکییەکانی ڕۆژی دەستبەکاربوونی.

مەراسیمی دەستبەکاربوونی ترەمپ لە نێوان کاپیتوڵ و کۆشکی سپی بەڕێوەدەچێت و سەدان کەسایەتیی بەرز لە سەرانسەری جیهانەوە ئامادە دەبن، لەکاتێکدا سوێند دەخوات وەک سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.